# ئەو بەرهەمو کارە هونەرییانەی قەدەغەکراون



**و: سەلام عەبدولکەریم**

لە سەردەمی نوێدا زنجیرەیەك رووداو جەدەلێکی فەلسەفییان خولقاند لەنێوان مافی ئازادیی رادەربڕینو پێویستیی رێزگرتنی بیروباوەڕە ئایینییەکان، هەروەك ژمارەیەك کارو بەرهەمی ئەدەبیو هونەری بوون بە مایەی ورووژاندنی هەستی ئایینیی گروپە ئایینیو مەزهەبییەکانو زۆربەی ئەو کارو بەرهەمانەش قەدەغەکران. ئەمەی خوارەوە نموونە گەلێکە بۆ هەندێ لەو بەرهەمو کارە ئەدەبیو هونەرییانەی کە جەدەلو رووداوی ورووژێنەریان بەدوای خۆیاندا هێنا:

## رۆمانی دوا دڵەڕاوکێی مەسیح ( the last temptation of christ)

ئەم رۆمانە بریتییە لە بەرهەمی رۆماننووسی ناوداری یۆنانی نیکۆس کازانتزاکیس (1883–1957)، ساڵی 1960 چاپکراوەو دواتر گۆڕاوەو کراوە بە فیلمێکی سینەمایی لە ساڵی 1988دا. نووسەری رۆمانەکە لەم رۆمانەدا کۆپییەکی شەخسی لە ژیانی مەسیح دەگێڕێتەوەو تیایدا مەسیح وەك دارتاشێك وێنا دەکات، کە خاچ دروست دەکاتو رۆمانییەکان کاتی خۆی خاچیان بۆ دابەزاندنی سزا بەسەر سەرپێچیکەرانی یاسا بەکارهێناوە. نووسەر دیسان وێنای کەسێتیی مەسیح وەك مرۆڤێکی ئاسایی دەکات، کە خاوەنی هەموو سیفەتێکی مرۆییە، وەك گومانو لاوازیو ترسو ئەنجامدانی تاوان. لە کۆتایی رۆمانەکەدا مەسیح لەگەڵ مریەمی مەجدەلیدا زەواج دەکات لەبری ئەوەی لەخاچبدرێت (وەك بەڵێندراوە بەگوێرەی کتێبی پیرۆز).

ئەم فیلمە ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە، بەجۆرێك هەر لەکاتی کردەی وێنەگرتنی فیلمەکەدا ناڕەزایی دەستیپێکرد، بەشێوەیەك سەرۆکە ئایینییەکانی کەنیسەکانی ئەمریکا هەستان بە سەرکردایەتیکردنی هەڵمەتێکی فراوان دژی فیلمەکەو کۆمەڵەیەکی مەسیحیی توندڕەویش هەستان بە هەڵدانی شووشەی سوتێنەر بۆ هۆڵی نمایشکردنی فیلمەکە لە شاری پاریسی فەرەنسا لە رۆژی (1988/10/22)دا.

## **فیلمی ژیانی برایان** (life of brian)



ئەم فیلمە بەرهەمی کۆمەڵەیەکی کۆمیدیی بەریتانی بوو بەناوی (python monty) ، لەساڵی (1979)دا. لەم فیلمەدا بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیو کۆمیدی چیرۆکی ژیانی کەسێك بەناوی برایان دەگێڕدرێتەوە، کە لەهەمان چرکەو هەمان گەڕەك کە مەسیحی تێدا ژیاوەو لەدایکبووە.

فیلمەکە لەبنەڕەتدا بە فیلمە کۆمیدییە کلاسیکییەکان دادەنرێتو ساڵی (2000) لەلایەن گۆڤارێکی هونەریی بەریتانییەوە بەناوی (total film) وەك باشترین فیلمی کۆمیدیی بەریتانی لە مێژوودا هەڵبژێردراو دەستنیشانکرا. فیلمەکە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی رەخنە لە توندڕەویی ئاینی دەگرێتو زنجیرەیەك هەڵوێستی کۆمیدی دووبارە دەبنەوە بەهۆی گومانبردنی خەڵکی بەوەی برایان بریتییە لە مەسیحو دەستیکردووە بە سەردانی سێ فەرمانڕەواو بەگوێرەی لاساییکردنەوەی مەسیح ئەستێرەکان شوێنی دەکەون. بەشێوەیەك برایان لەسەر خاچەکەی مەسیح دادەنێن. هەندێ لە هۆڵەکانی خستنەڕووی فیلم، نمایشکردنی ئەم فیلمەیان قەدەغەکرد لە ژمارەیەك لە شارەکانی بەریتانیا، هاوکات لە هەریەکە لە وڵاتانی نەرویژو ئیرلەنداو ئیتالیاو ویلایەتی نیوجێرسی ئەمریکا بۆ ساڵانێکی درێژ نمایشکردنی ئەم فیلمەیان قەدەغەکرد.

## **تابلۆی هونەرمەندی ئەمریکی ئەندرس سیرانۆ (Andres serrano)**

لە ساڵی 1987دا تابلۆکە ناونراوە بە (میزکردن بەسەر مەسیحدا chris piss). ئەم تابلۆیە گوزارشتە لە وێنەی لەخاچدانی مەسیحو وێنەکێشەکە هەستاوە بە نقومکردنی لە میزی کەسێکداو هەندێ کەس بڕوایان وایە تابلۆکە لە خوێنی هونەرمەندەکەدا نقومکراوە، بەڵام تابلۆکە رەنگی سوورە. ئەم تابلۆیە جەدەلێکی گەورەی لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لە ساڵی1987دا خولقاندو جەدەلەکە لەنێوان ئازادیی هونەرمەندەکە لە گوزارشتکردن لە بیروڕای خۆیو دەربارەی سووکایەتیکردن بوو بە سیمبوولە ئاینییەکان. شایانی باسە چەند کارێکی تری ئەم هونەرمەندە کە بەڕەچەڵەك کوبیو ئەفریقییە نقومکردنی تابلۆکان لە شلەمەنیی مرۆڤدا لەخۆدەگرێت وەك (خوێن، میز، تۆماو)، ئامانج لە تابلۆکەش بەگوێرەی رای هونەرمەندەکە بریتییە لە "دەرخستنی سروشتی مرۆیی مەسیحو پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤی ئاساییدا" کە رۆژانە هەڵدەستێت بە کردەی میزکردن، بەڵام نەیارانی وایان دانا ئەم تابلۆیە سووکایەتیی شەخسی بێت بە مەسیح.

## **رۆمانی (ئایات شەیتانی)ی سەلمان روشدی**



هەردوو کەسایەتیی سەرەکی لەم رۆمانەدا بریتییە لە سەلاحەدین جومجومە کە بەڕەچەڵەك هیندییەو لە

مناڵییەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان ژیاوەو لەگەڵ کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا ئاوێتە بووەو نکوڵی لە رەچەڵەکی هیندی بوونی خۆی دەکاتو کەسایەتیی دووەم بریتییە لە جوبرەئیل فریشتەو بریتییە لە ئەکتەرێکی هیندی پسپۆڕ لە فیلمە ئاینییەکانداو باوەڕی بە ئاین ونکردووە دوای ئەوەی توشی نەخۆشییەکی ترسناك دەبێت، بەشێوەیەك بانگەوازو دوعاکانی بەمەبەستی شیفاو چاکبوونەوە کەڵکی نەبووە. ئەم دووانە لەسەر دوو کورسیی تەنیشت یەك لە فڕۆکەیەکی گەشتیاریدا کە لە بۆمبایەوە دەچێت بۆ لەندەن دادەنیشن، بەڵام فڕۆکەکە دەتەقێتەوەو دەکەوێتە خوارەوە، لەئەنجامی کارێکی تێکدەرانە کە لەلایەن کۆمەڵە توندڕەوەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەکاتی کەوتنەخوارەوەدا ئەم دوو کەسایەتییە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەشێوەیاندا روودەدات، بەجۆرێك سەلاحەدین جومجومە دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی لێکچوو بە شەیتانو جوبرەئیل فریشتەش بۆ بوونەوەرێکی لێکچوو بە فریشتە.

لە یەکێك لە خەونەکانی جوبرەئیل فریشتەدا، سەلمان روشدی دەمانگێڕێتەوە بۆسەردەمی رێککەوتننامەی حودەیبییە، ساڵی شەشەمی کۆچیو بەشێکی رۆمانەکە بەناونیشانی (ماهوند) دەستپێدەکات. ئەم بەشە هەستو سۆزی مسوڵمانانی بریندارکرد بەشێوەیەکی قوڵ، بەشێوەیەك ئەم بەشە لە رۆمانەکە لەسەر گێڕانەوەی کۆڕای زانایانی مسوڵمانان تەندروست نییە وەرگیراوەو بریتییە لەو گێڕانەوەیەی کە لە ژیاننامەی پەیامبەری ئیسلامدا هاتووەو هی مێژوونووس (ئیبن ئیسحاق)ەو تیایدا ئیبن ئیسحاق باس لەوە دەکات کە پەیامبەر لەکاتی هاتنەخوارەوەی سورەتی (النجم)دا شەیتان چپاندوویەتی بەگوێیدا بەم وشانە (تلك الغرانيق العلى وان شفاعتهن لترتجى)و ئایەتە مەبەستەکان لێرەدا بریتییە لە ئایەتەکانی (18و19) لە سورەتی (النجم)، کە بەم شێوەیەیە ﴿افرایتم الات والعزى، ومنات الثالثة الاخرى، الكم الذكر والانثى﴾. بەگوێرەی گێڕانەوەکە لێرەدا شەیتان گوایە چپاندوویەتی بەگوێی پەیامبەرداو ئەمەش مانای ئەوەیە گوایە ناوی بتەکان بە باشی لە قورئاندا باسکراون، لەمەشدا ئاماژەیەکە لەسەر ئەوەی کە پەیامبەر هەوڵیداوە بە رێگەیەك یان یەکێکی تر دوژمنایەتیی خەڵکی مەککە بۆ بانگەوازەکەی کەمبکاتەوەو وازبهێنن لە ئازادانی شوێنکەوتووانی بە ناوهێنانی خواوەندی مەککە بە چاکە، بەشێوەیەك هەندێ دەڵێن گوایە دوای ئەو رووداوە دۆستایەتی لەنێوان پەیامبەرو نەیارانی لەخەڵکی مەککە دروستبووە. تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێ لە مسوڵمانان، ئەوانەی لە ترسی سەرکوتکردنو ئازاردانی خەڵکی مەککە رایانکردبوو بڕیاری گەڕانەوە بدەن. دواجار ئەم رۆمانەی سەلمان روشدی مسوڵمانان بە یەکێك لە ئەڵقەکانی زنجیرەی مێژووی سووکایەتیکردن بە کەسایەتیی پەیامبەری ئیسلامی دادەنێن.

### فیلمی ملکەچی (submission)

دەقی ئەم فیلمە لەبنەڕەتدا ئایان هێرسی نووسیویەتی، کە کچێکی بەڕەچەڵەك سۆماڵییەو (تیۆ ڤان کوخ)ی هۆڵەندی کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوەو رۆژی (2004/11/2) لەسەر دەستی (محەمەد بویەر)ی بەڕەچەڵەك مەغریبی کوژرا، بەهۆی ناوەرۆکی فیلمەکەوە کە بەشی یەکەمی (10خولەك)بوو.

نووسەرو سیناریستی ئەم فیلمە هەوڵیداوە وێنای خراپ مامەڵەکردنی ژنان لە ئیسلامدا بکاتو ئەمەش گرێبدات بە دەقەکانی قورئانەوە. سیناریۆی فلیمەکە لەلایەن ئایان هێرسی عەلییەوە نووسراوە کە ماوەیەك ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندا بووەو ویستویەتی لەم فیلمەدا ئەوە بخاتەڕوو کە ژن لە جیهانی ئیسلامیدا رووبەڕووی لێدانی داری جەلد دەبێتەوە، ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکی سێکسی لەدەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری دامەزراند. هاوکات ژن رووبەڕووی لاقەکردن دەبێتەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوەو نابێت موناقەشەی ئەوە بکرێت بەهۆی قەوامەبوونی پیاوان بەسەر ژنانەوە، هەروەها ژن ناچار دەکرێ لەسەر شوکردن بە پیاوانی

مسولْمان بیّ رەچاوكردنی تەمەن، هەروەك ئەم دیمەنانەی گرێدابوو بە چەند ئایەتێك لە قورئانەوەو لە فیلمەكەدا چوار ژن دەردەكەونو لەسەر جەستەی نیوەڕووتیان ئایەتی قورئان نووسراوە. دوای نمایشكردنی فیلمەكە تیۆ ڤان كوخ چەندین نامەی هەڕەشەئامێزی پێگەیشت، بەڵام رەفزی كردەوە كە بەهەند وەریان بگرێت. بۆیە دواجار لە شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا لەلایەن محەمەد بویەری بەڕەچەڵەك مەغریبییەوە هەشت گوللەی پێوەنراو كوژرا، بە چەقۆیەكیش ملی بڕاو بە نامەیەكەوە چەقۆكەی لەسەر سنگی تیۆ ڤان كوخ جێهێشت. ئەو نامەیەی كە محەمەد بویەری لەسەر سنگی تیۆ ڤان كوخ بە چەقۆیەكەوە جێیهێشت لە پێنج لاپەڕە پێكهاتبوو، تیایدا هەڕەشەی لە حكومەتە رۆژئاواییەكانو جولەكەو ئایان هێرسی عەلی كرابوو لەسەر نووسینی سیناریۆی فیلمەكە (دەقی نامەكەی محەمەد بویەری لە كتێبی ئیمارەتی ئیسلامی هۆڵەندا، نووسینی رێكەوت ئیسماعیل ئیبراهیم كراوە بە كوردیو بڵاوكراوەتەوە، خوێنەر دەتوانێت بیخوێنێتەوە لەگەڵ زۆر زانیاری تر لەسەر مەسەلەی فیلمی ملكەچیو بابەتە پەیوەندیدارەكانی). ئەم رووداوەش هەرایەكی گەورەو موناقەشەیەكی توندی نایەوە دەربارەی چارەنووسی زیاتر لە یەك ملیۆن مسولْمان لە هۆڵانداو هەندێ لە رێكخراوەكان ئاگایاندا بە هەڵكشانی ئیسلامی كرد لە هۆڵەنداو چۆنێتیی رێژەی مناڵبوون لەنێوان مسولْماناندا كە بەرزترە لەرێژەی نامسولْمان، ئەمەش لەدواییدا بەگوێرەی رێكخراوەكان دەبێتە هۆی ئەوەی كە هاووڵاتییانی ئەسڵی هۆڵەندا لە داهاتوودا ببنە كەمینە.

### **شانۆیی بیهزتی(behzti)**


شانۆیی بیهزتی بەزمانی بنجابی بەمانای لەكەو نەنگی دێت، حیبكەی شانۆییەكە گوزارشتە لە سێكسو كوشتن لە پەرستگەیەكی شوێنكەوتەی سیخییەكاندا. شانۆییەكە نووسەری بەریتانیی بەڕەچەڵەك سیخی (كوربرت بهاتی gurpreet bhatti kaur) نووسیویەتی. ئەم شانۆییە هەرایەكی گەورەی نایەوە لە مانگی (12)ی2004 لە شەوی كردنەوەو نمایشكردنیدا، لەئەنجامی ناڕەزایی دەربڕینی شوێنكەوتووانی ئاینی سیخییەت، ناڕەزاییەكانیش لەسەر دیمەنەكانی شانۆییەكە بوو، بەجۆرێك وێنای رووداوی لاقەكردنو كوشتنی كچێكی منداڵ دەكات لە یەكێك لە پەرستگەكانی شوێنكەوتووانی ئاینی سیخیدا. هەر بەهۆی ناڕەزایی سیخییەكانەوە نمایشكردنو خستنەڕووی شانۆییەكە قەدەغەكرا، بەڵام نزیكەی (700) هونەرمەند هەستان بە هەڵمەتێكی هاوكاریو پشتگیری لە نووسەری شانۆییەكە.



### **فیلمی دۆگما (dogma)**

ئەم فیلمە ساڵی (1999) بەرهەم هاتووەو بریتییە لە فیلمێكی كۆمیدی دەربارەی كەنیسەی كاسۆلیكی. ئەم فیلمە بووە هۆی ئەوەی كە ژمارەیەك ناڕەزایی رێكخراوی لێبكەوێتەوە لە ژمارەیەك لە دەوڵەتانو هەڕەشەكردن بە كوشتنی دەرهێنەرەكەی كە (كیفن سمس keven smith) بوو. ئەم فیلمە دەربارەی دوو

فریشته دەدوێت کە خودا سزای داون بەمانەوە بۆ هەتا هەتایی لە ویلایەتی وسکونسن. بیرۆکەی سەرەکی لە فیلمەکەدا بریتییە لەوەی کە پێویستە جیاوازیو جیاکاری بکرێت لەنێوان باوەڕهێنان بە ئاینێکی زانراو و بیروباوەڕێکی ئاینی کە دەکرێت پێناسەی بکەین بە باوەڕهێنان بەوەی کە هەر دەقێکی ئاینیی نووسراو لەلایەن خوداوە کە شوێنکەوتووانی ئاینێکی دیاریکراو وادەزانن، ئەوا پێویستە بە پەنجەکانی دەست جێبەجێبکرێت، هەروەها فیلمەکە ڕەخنە لە بەکارهێنانی ئاین دەگرێ بۆ پاساودانەوەی توندوتیژیو ڕەگەزپەرستیو سزادانی تاکەکەس بەهۆی ئارەزووە سێکسییەکانیەوە. هەروەك فیلمەکە هەوڵدەدات بڵێت فیردەوس بۆ هەمووانە نەك تایبەتو تەرخانکرابێت بۆ ئاینێکی دیاریکراو، ئەگەر هاتوو کەسەکە خۆی باش بێت، ئەوا دەچێتە فیردەوسەوە بە چاوپۆشین لە ئاینو دابونەریتو ترادیسیۆنو ئارەزووە سێکسییەکانی.




**وێنە کاریکاتێرییەکانی ڕۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیمارکی**

ڕۆژنامەنووس کاری بلوتکن بابەتێکی لە ڕۆژنامەی یولاندس بۆستنی دانیمارکیدا نووسیو تیایدا باسی لەوە کردبوو کە زۆر گرانە کەسێك بتوانێت وێنەی پێغەمبەری ئیسلام بکێشێت بێئەوەی ناوی خۆی ئاشکرابکات، بۆیە ڕۆژنامەکە لەسەر ئەم وتارە پێشبڕکێیەکی سازکرد بۆ ناودارترین وێنەکێشو هونەرمەندانی کاریکارتێریستی دانیمارك. هەندێکیان لەسەرەتاوە پاشەکشەیان کرد، بەڵام دوانزە کاریکاتێریست دوانزە وێنەی کاریکاتێریی خۆیان نارد کە تیایاندا بە ناشیرینترین شێوە وێنەی پەیامبەری ئیسلام کێشرابوو. بۆیە ڕەوەندی ئیسلامی لە دانیمارك هەوڵیاندا بەر بەم وێنانە بگرنو ڕۆژنامەکە چارەسەری بکات، بەڵام ڕۆژنامەکە ئامادە نەبوو و پاشان حکومەتی دانیمارکیش پشتگیریی ڕۆژنامەکەی کرد، بۆیە ڕەوەندی ئیسلامی کێشەکەیان گەیاندە جیهانی ئیسلامیو لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهانو بەتایبەت جیهانی ئیسلامی خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژی ڕۆژنامەکەو حکومەتی دانیمارکو نەرویژ (چونکە هەندێ لە ڕۆژنامەکانی نەرویژیش هەستان بە بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکان)و یەکێتیی ئەوروپا ئەنجامدراو داوایان کرد ڕۆژنامەکەو حکومەتی دانیمارکیش داوای لێبوردن لە مسوڵمانان بکەن بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە کاریکارتێریانە لەسەر کەسایەتیی پەیامبەری ئیسلام. (بۆ زانینی درێژەی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە وتارێکی سێ بەشیمان لە ڕۆژنامەی چاودێر بڵاوکردۆتەوە، خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بگەڕێتەوە سەریو بیانخوێنێتەوە).

**سەرچاوە:** ئینتەرنێت، ویکیپیدیا